# گەمارۆدان و دانوستاندن: سیاسەتی نوێی عێراق لە هەمبەر هەرێمی کوردستان

**د. زوبێر ڕەسووڵ**، دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە هەرێمییەکان

**پێشەکی**

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا تا دێت ئاڵۆزتر دەبن؛ ئەمەیش لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە پشتنەبەستن بە بنەما دەستووری و یاساییەکان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانە لە لایەک و، هەروەها نەبوونی متمانە لە نێوان هەردوو لادا لە لایەکی ترەوە. بەتایبەت ئەگەر وێنە فراوانەکەی پەیوەندی و ناکۆکییەکانی هەردوو لا ببینین، **بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا وابەستەی هاوسەنگیی هێزن نەک بنەما دەستوورییەکان و بەرپرسیارێتیی سیاسی**؛ واتە ئەو کاتەی دۆخی عێراق خراپە و پێگەی لاوازی هەیە، هەرێمی کوردستان ئەو دۆخە دەقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی و ڕەچاوی بنەما دەستوورییەکان ناکات ( ۲۰۰۳ تا ۲۰۱۷)، ئەو کاتەیش کە هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی بەغدایە (۲۰۱۷- ۲۰۲۳)، عێراق ڕەچاوی پرەنسیپە دەستووری و یاساییەکان و بەرپرسیارێتیی سیاسی ناکات و، ئەوە بە دەرفەتێک دەزانێت بۆ گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان تا ئاستی پەلوپۆکردنی هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی ئەو پێگە دەستوورییەیش کە هەرێمی کوردستان لە عێراقی دوای ۲۰۰۳دا بەدەستی هێناوە.

**سیاسەتی ئێستای عێراق لە هەمبەر هەرێمی کوردستان**

لە دوای ململانێیەکی زۆر لە نێوان دوو بلۆکی دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا (چوارچێوەی هەماهەنگی و سەدرییەکان) کە کوردیش بەسەر ئەو دوو بلۆکەدا دابەش بوو، دواجار کورد بەناچاری چووە پاڵ بلۆکی چوارچێوەی هەماهەنگی یان ئیدارەی دەوڵەت. لەوانەیە ئەگەر کورد بژاردەی تری هەبووایە، نەچووبایە پاڵ ئەم حکوومەتە، بەڵام ئەوەی نەکرد، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش یەکێتی و پارتی ناتوانن ببنە ئۆپۆزیسیۆن لە بەغدا، چونکە ئەوکات دەکەونە ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی بەغدا و هیچ دەسکەوتێکی سیاسییشیان نابیت، ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستانیش دەبێتە قوربانی. بە پشتبەستن بەوەی کە پەیوەندیی هەرێم و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور و بەرپرسیارێتیی سیاسی نییە، کەواتە سیاسەت و ڕوانگەی حکوومەتی فیدراڵی و نوخبەی سیاسیی شیعە لە عێراقدا، تا دێت بەسەر هەرێمی کوردستان زاڵتر دەبێت؛ چونکە نوخبەی سیاسیی شیعەکانی ئێستا هەست بەو بەرپرسیارییە سیاسییەیش ناکەن، کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و ڕۆڵی زۆری بینیوە لە دژایەتیکردنی حکوومەتی بەعس و ڕووخاندنی. بۆیە نوخبەی سیاسیی ئێستای شیعە، بەتایبەت ئەوانەی لە پەرلەمانن، ئەم دۆخە وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتی زۆرترین گوشار لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو پێگە دەستووری و سیاسییەی کە هەشیەتی، نەمێنیت و هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە بکات بۆ ئاستی

پارێزگاکان؛ تا ئەو ئاستەی کە دواجار خەڵکی هەرێمی کوردستان ناچار بێت خۆی داوای حوکمکردنی ڕاستەوخۆی بەغدا بکات، بە وەهمی باشتربوونی دۆخی ئابووری و داراییان. ئەوەی ئێستا نوخبەی سیاسیی شیعەی زاڵ لە عێراقدا دەیکەن (لەناو پەرلەمان و حکوومەت)، سیاسەتی دەورەدانی هەرێمی کوردستانە. هەڵبەتە هۆکار زۆرن کە بۆ ئێستا کاریگەریی ئەو سیاسەتە وا بەهێز لەسەر هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت، کە ئەم بابەتە ناتوانێت ئاماژەیان پێ بدات، بەڵام گرنگترین هۆکار و کێشە و ململانێی یەکێتی و پارتییە. خۆ پێشتریش لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان ئەو گوشارەیان هەر دەکرد، بەڵام بەغدا دەیزانی کە ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستان پێگەی سیاسی و سەربازییان لاوازە، بۆیە هەرگیز کاریگەرییان زۆر نەبووە؛ بەڵام کاتێک دەبینن هەردوو هێزە سەرەکییەکەی دەسەڵات لە دژایەتیدان، ئیتر ئەمە باشترین دەرفەتە بۆ بەغدا کە سوود لەو ململانێیە وەربگرێت. ئەوەی دۆخەکەی ئەوەندەی تر بۆ هەرێمی کوردستان سەختتر کردووە، لاوازیی ئاستی متمانەی خەڵکە بە حکوومەت و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان، بەتایبەت لەناو گەنجان کە [بەپێی ڕاپرسییەک ٦٦٪](#) کە وای کردووە هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئەو گوشارانەی بەغدا دەستەوەستان بێت. بۆ نموونە بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان نادات و مووچە وەک چەک دژی هەرێمی کوردستان بەکار دێنی، بەڵام تا ئێستا خەڵک دژی بەغدا خۆپێشاندانێکیان نەکردووە؛ بەپێچەوانەوە بەشێک لە خەڵک پێی وایە کە، ئەمەیش هۆکارەکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە!

**دەتوانین بڵێین کە نزیکترین سیناریۆ بۆ ئەم قۆناغەی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و بەغدا**، بریتییە لە بەردەوامیی گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان، مەگەر ڕووداوێکی ناوخۆیی یان هەرێمیی لەناکاو ڕوو بدات و هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا بگۆڕێت. مەبەست لە ڕووداوی ناوخۆ، واتا گۆڕانی نوخبەی سیاسی یان سیستەمی حوکم لە عێراقدا، کە من بەدووری دەبینم، چونکە ئێران پارێزەری ئەو سیستەم و نوخبە و مودێلەی حوکمڕانییە کە لە بەغدا هەیە؛ ڕێگە نادات بگۆڕدرێت مەگەر بە نەمانی ئێران ئەمە ڕوو بدات. مەبەستیش لە ڕووداوی هەرێمی، ئەو جۆرە ڕووداوانەیە کە دەبنە هۆی گۆڕینی هاوسەنگیی هەرێمی لە جۆری ململانێی هێزە هەرێمییەکان، یان دەرکەوتنی هێزی مەترسیداری وەک گرووپی تیرۆریستی؛ ئەمەیش دیسان لە ئێستادا ئەگەری زۆر لاوازن. بۆیە ئەوەی ماوەتەوە، زیاتر پەیوەستە بە هاوسەنگی و ململانێی نێوان هێزە شیعییەکان؛ بۆ نموونە ململانێی گرووپەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی و سەدرییەکان. بەڵام لەم دۆخەیشدا دیسان ئەگەری گۆڕانکاری لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان گەر هەشبێت تەنیا کاتییە، چونکە ئەو لایەنەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵیشی ڕێک دەکەوێت، دوای ڕێککەوتنەکە پابەند نابێت. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی نوخبەی سیاسیی شیعەکان، بەتایبەت لەناو پەرلەماندا. لە دوای ناڕەزایەتییەکانی تشرینی ٢٠١٩ گرووپی جیاواز و کەسایەتیی سیاسی و پۆپۆلیستی هاتوونەتە ناو پەرلەمان کە وابەستەی ئەو هێزانە نین کە حکوومەت پێک دێنن. بۆ نموونە لایەنی کوردی هەرچەندە ڕێککەوتنیان لەگەڵ گرووپەکانی ئیدارەی دەوڵەت کرد، بەڵام ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرا، یان ئەگەر جێبەجێیش بکرێت، تەنیا کاتییە و بۆ ساڵێک یان دوو ساڵە؛ دواتر هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبێتەوە.

**ئامرازەکانی بەغدا بۆ گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان**

عێراق بە حوکمی پێگەی دەوڵەتبوونی، زیاتر لە فاکتەرێکی لەبەردەستە بۆ گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان. کاریگەرترین ئامرازەکان بریتین لە دادگەی فیدراڵیی عێراق، کە بڕیارەکانی جێگەی تانەلێدان

نین و هیچیان لەگەڵ ناکرێت؛ **یەکەم گورزیش** کە بەر هەرێمی کوردستان کەوت، لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە بوو لە ٢٢ی مانگی شوباتی ٢٠٢٢ بە بڕیاردان بە نادەستووری ناساندنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. **میکانیزمی دووەم**، میکانیزمێکی ئابوورییە؛ ئەمەیش لە ڕێگەی ئەو وابەستە ئابوورییەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی بە بەغداوە. عێراق بە لێدان لەو میکانیزمە، توانیی شادەماری ئابووری و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان ئەگەر نەیشبڕێت، بەڵام زۆر لاواز بکات. لەوانەیە ئێستا کاریگەرییەکانی ڕوون نەبن، بەڵام لە ئاییندەدا لەدەستدانی فرۆشتنی نەوت، زۆر کاریگەریی دەبێت لەسەر پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا.

دوو فاکتەر وای کردووە بەغدا لە گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بێت: **یەکەم**، بەغدا بە حوکمی ئەو پێگە سیاسی و نێودەوڵەتییەی کە هەیەتی، وای کردووە کە میکانیزمەکانی بەردەستی لە گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان زۆر فرەچەشن بن، بۆ نموونە: دادگەی فیدراڵی، بانکی ناوەندی، پەرلەمانی عێراق، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی نەوت و چەندان دامەزراوەی تری فیدراڵی کە لەژێردەستی دەوڵەتن و هێزێکی شەرعی و نێودەوڵەتییان هەیە بۆ گوشارخستنە سەر هەرێمی کوردستان. **فاکتەری دووەم**، وەرچەرخانی دۆخی ناوچەییە کە لە بەرژەوەندیی عێراقدایە، چونکە ئێستا جۆرە هەماهەنگییەکی هەرێمی لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا لە ئارادایە، وەک: نزیکبوونەوەی وڵاتانی کەنداو لە عێراق، بەتایبەت سعوودیا و قەتەر و ئیمارات، نزیکبوونەوەی تورکیا و وڵاتانی کەنداو، نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا، هەستانەوەی ڕژێمی ئەسەد و هتد. ئەم هەماهەنگییە هەرێمییە، هیچیان لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا نین، چونکە پێشتر لەوانەیە عێراق و هەندێک وڵاتی هەرێمییش ترسیان لە هەرێمی کوردستان هەبووبێت کە لە نەیارەکانیان نزیک بێتەوە، بەڵام ئێستا ئەو ترسە نەماوە؛ لەبەر ڕەچاوکردنی پەیوەندییەکانیشیان نایانەوێت لە هەرێمی کوردستان نزیک ببنەوە، یان لە دژی یەکتر یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدەن.

**ئەو گوشارانەی بەغدا، تا ئێستا سێ لێکەوتەی سەرەکیی هەبووە: یەکەم**، کاڵبوونەوە یان نەمانی جیاوازی لە نێوان هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی جیاواز و خاوەن پرسێکی تایبەت، کە پرسی کوردە، لە پارێزگاکانی تری عێراق. **دووەم**،بیرکردنەوە لە فۆرمی لامەرکەزی، دەکرێت لە ئاییندەدا فۆرمی تریشی بێتە پاڵ، کە هەموویان دواجار دەچنە چوارچێوەی بچووککردنەوە و لاوازکردنی پێگەی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان. **سێیەم**، گەڕانەوە بۆ بەغدا تا ئاستی ڕادەستکردنی دۆسیەی نەوت، داهاتی خاڵە سنوورییەکان و جێگیرکردنی سوپای عێراق لەسەر سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران و سووریا و تورکیا، کە بەشێکی هاتۆتە دی.

**هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گوشارەکانی بەغدا؟**

هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی کارتی سیاسی و ئابووری و جیۆپۆلیتیکی بەدەستەوە نییە، بە حوکمی پێگە سیاسییەکەیشی کە دەوڵەت نییە، ناتوانێت وەک پێویست کارتە سیاسییەکانی بەکار بهێنێت، بەتایبەت دوای نەمانی دۆسییەی وەبەرهێنان و فرۆشتنی نەوت لەدەست هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەرێمی کوردستان هیچ میکانیزمێکی ململانێی لەدەستدا نییە کە لە دژی عێراق بەکاری بهێنێت. **لەم سۆنگەیەوە هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیاسەتێکی نوێ هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە.** بۆ ئەمەیش دەبێت لە چەند ئاستێکدا کاری جددی بکرێت:

**یەکەم، لە ئاستی پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو پڕۆسەی حوکمڕانیی عێراق.** وەک دیارە سوننەکان تا ئێستا وەک پێویست تێکەڵ بە پڕۆسەی حوکمڕانیی عێراق نەبوون؛ شیعەکان ڕۆژ بە ڕۆژ هەژموونیان زیاتر دەبێت بەسەر تەواوی سیستەمی سیاسی و جەمسەرە سەرەکییەکانی حوکمڕانیی عێراق، بە جۆرێک کە خەریکە لە پاڵ هەژموونە سیاسییەکاندا هەژموونێکی کەلتووری و ئایینی بەسەر دەوڵەت و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکاندا دەسەپێنن هاوشێوەی دروستکردنی ڤاتیکانێکی شیعە لە عێراقدا. بۆیە لەمەودوا هەرێمی کوردستان دەبێت لینکێکی سیاسیی بەردەوامی لەگەڵ سوننەکان هەبێت، بەتایبەت لەناو پەرلەمان. هەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نییە کە دەبێت هەرێمی کوردستان لە بەرەی سوننەکان بێت، نەخێر؛ بەڵکوو دەبێت بە هەمان شێوە لینک و پەیوەندییەکی سیاسیی بەردەوامی لەگەڵ شیعەکانیش هەبێت، بەتایبەت شیعەی حوکمڕان. چونکە خۆگۆشەگیرکردن لەناو هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی تر هەرێم لاواز دەکات، بەتایبەت بەهۆی ئەو ناکۆکییە بەردەوامانەی نێوان لایەنە سیاسییەکان. واتا بەقەد گرنگیدان بە لایەنە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان، گرنگیدان بە لایەنە سیاسییە سوننییەکان گرنگە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت پێگەی سیاسیی خۆی لە عێراقی شیعە سێنتراڵدا بپارێزێت. چونکە **لەمەودوا هەرێمی کوردستان دەبێت لە هاوپەیمانیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ یەکێک لە دوو پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (سوننە و شیعە) بۆ ئەوەی ئەو ناهاوسەنگییەی هێز لە پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا هاوسەنگ بکاتەوە کە دوای نەمانی دۆسیەی نەوت بەدەست هەرێمی کوردستانەوە دروست بووە.**

**ئاستی دووەم**، هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات کە نەک تەنیا ئامادەیی، بەڵکوو **کاریگەریشی بەسەر بەشێک لە دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق**، بەتایبەت دامەزراوە سەربازی و یاسایی و ئەمنییەکانەوە **هەبێت**. واتە بەکارهێنانی دامەزراوە سیاسی و یاسایی و سەربازییەکانی عێراق بۆ بەهێزگردنی ئامادەیی هەرێمی کوردستان لە بەغدا؛ ئەمە بێجگە لەو پۆستە سیاسییانەی کە بەرکەوتەی کوردن لە بەغدا، بەڵام بەزۆری بەبەتاڵی جێ دەهێڵدرێن. لەمڕۆ بەدواوە هەرێمی کوردستان کاری زۆر بە دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەتی عێراق دەبێت، بۆیە هاوشێوەی ٢٠٠٣، دەبێت هەرێمی کوردستان و کورد بگەڕێنەوە بۆ دەستگرتن بەسەر بەشی خۆیان لە دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق؛ بەڵام نابێت ئەو پۆستانە هەروا ببەشرێنەوە بۆ مەرامی مووچە و داهات بەسەر کەس و لایەنە سیاسییەکاندا، بەڵکوو دەبێت بەردەوام چاودێری بکرێن و لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان کار بکەن. بەو مانەیەی هەرێمی کوردستان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هێزەی لەدەستی داوە، بەتایبەت بە هۆکاری لەدەستدانی دەسەڵات بەسەر دۆسییەی فرۆشتنی نەوت، هەرێم دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق کە پێشتر لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە فەرامۆش کرابوون.

**ئاستی سێیەم**□ پاڵپشتیکردنی سوننەکان بۆ دروستبوونی هەرێمێکی تر لە عێراقدا. هەرچەندە سوننەکان لە کاتی نووسینی دەستووری ٢٠٠٥دا بیرۆکەی فیدراڵیزم و پێکهێنانی هەرێمەکانیان ڕەت کردەوە، بەڵام لە ئێستادا زۆرینەیان بیر لە پەنابردن بۆ بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە. پێ دەچێت سێ هۆکار وای لە سوننە کردبێت ئێستا بیر لە پرۆژەی پێکهێنانی هەرێمێکی سوننە بکەنەوە: هەستکردن بە پەراوێزخستنی ئابووری و ئیداری و هەڕەشە ئەمنییەکان و هەستکردن بە پێویستیی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ناوەند لە ناوچەکانیاندا، جگە لەو پشتگیرییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەی کە (گریمانە دەکرێت) هەیانبێت، بەتایبەت لەلایەن وڵاتانی کەنداو و بەشێک لە وڵاتانی تری عەرەبی وەک ئوردن و میسر. لە لایەکی ترەوە زۆرینەی پارێزگا سوننەکان سنووری جوگرافی و ئیدارییان لەگەڵ

هەرێمی کوردستان هەیە، هەروەها ئەزموونی کوردستان لە ڕووی شارنشینی و خزمەتگوزاری و ئەمنی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ئەزموونێکی سەرکەوتووە بۆ ناوچە سوننەکان؛ بۆیە ئەم مۆدێلەی هەرێمی کوردستان دەتوانێ ببێت بە پاڵنەرێک بۆ بیرکردنەوە لە پڕۆژەی هەرێمێک بۆ سوننە بۆ ئەوەی ئەم پێکهاتەیە بتوانێت سەربەخۆیی خۆی لە ڕووی ئابووری و ئەمنی و پەیوەندییە دەرەکییەکان بەدەست بێنێت. سوننەکان نەیانشاردۆتەوە کە ئەوان تامەزرۆی دروستکردنی هەرێمێکن، بەتایبەت لە دوای کاولکارییەکانی داعش، چەند جارێك بیرۆکەی ئەو هەرێمەیان پێشنیار کردووە؛ کورد دەتوانێت لە دروستکردنی هەرێمێکی وەهادا هاوکاریان بێت، کە دەرەنجام لە بەرژەوەندیی کوردا دەشکێتەوە. ئەمە وا دەکات لە ئاستی ئیقلیمییشەوە داواکارییەکانی کورد چیتر تەنیا وەك داواکاریی نەتەوەیی و ئیتنی و ناوچەگەری دەرنەکەون بەڵکوو دەچنە قاڵبێکی ترەوە؛ ئەو پاساوەیش لەدەست ئەو هێزانە دەردەهێنرێت کە کورد وەك نەتەوەیەکی جوداخواز و دژەدەوڵەت سەیر بکرێت.

دروستکردنی هەرێمێکی سوننەنشین دەبێتە هۆی ئەوەی حکوومەتی مەرکەزی لە بری مامەڵە لەگەڵ یەک هەرێم، سەرقاڵ بێت بە مامەڵە لەگەڵ دوو هەرێم. بوونی دوو هەرێم لە عێراقدا، هەرێمەکان بەهێزتر و حکوومەتی فیدڕاڵییش لە ئاست ئەو هەرێمانە لاوازتر دەکات. بەهێزیی هەردوو هەرێمەکەیش لەوەوە دەست پێ دەکات کە هەر یەکەیان پێکهاتەیەکی ئیتنی تێیدا باڵادەست و کاربەدەستە (لە هەرێمی کوردستان کورد باڵادەستن و لە هەرێمەکەی تریش عەرەبی سوننە). خاڵێکی تری بەهێزی ئەم دوو هەرێمە ئەوە دەبێت کە هەردوو پێکهاتە ئیتنییەکە لە هەمبەر حکوومەتی مەرکەز و لەناو پەرلەمان و وەزارەتەکانیدا بۆ بەرژەوەندییەکانیان دەنگیان یەک دەبێت و، بەیەک ئاواز کار دەکەن. لە لایەکی ترەوە، واتە هەرچەندە ژمارەی هەرێمەکان زۆرتر بن، دەنگی دیکتاتۆرییەت کزتر دەبێت و دەسەڵات دەچێتە دەستی چەند لایەنێکەوە نەک یەک لایەن. بەمەیش فرەڕەنگی و دیموکراسی لە عێراق بەهێزتر دەبێت.

**چوارەم، لە ئاستی ناوخۆدا، لەگەڵ یەکێتی**

لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕینیشەوە تا دەگاتە ئێستا، هەمیشە یەک ڕێسا هەبووە بۆ پێوانەکردنی ململانێکانی یەکێتی و پارتی، ئەویش ئەوەیە کە دەرەنجامی ململانێکانی ئەو دوو هێزە هەرگیز یارییەکی سفری نەبووە (Zero-sum game ) بە دۆڕانی لایەنێک و بردنەوەی لایەنەکەی تر کۆتایی هاتبێت، بەڵکوو  هەردوو هێزەکە هەمیشە لەو خاڵەوە(lose-lose) دەرەنجامەکەی هەمیشە دۆڕانی هەردوو لا بووە دەستیان پێ کردۆتەوە کە خاڵی سەرەتای ململانێکە بووە. واتا هەردوو لا بەدەستبەتاڵی هاتوونەتە دەر، بێ ئەوەی هیچیان دەست کەوێت. ئەو گرژییەی ئێستا لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە، زەرەرمەندەکەی یەکەمی، حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئینجا پارتی دیموکراتی کوردستان و ئینجا یەکێتی. زۆربەی زیانی ئەم بارگرژییە بەر حکوومەت کەوتووە. ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگی ململانێکانی پارتی و یەکێتی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری حوکمڕانیی نیوە بە نیوە (٥٠ بە ٥٠) لە نێوان یەکێتی و پارتی کە تا ئێستایش باڵی بەسەر حکوومەت و پەیوەندیی حزبیی هەردوو لادا کێشاوە، کە بریتییە لە پێکهێنانی حکوومەت لەسەر بنەمای واقعی هێز و جوگرافیا؛ واتا بوونی فۆڕمێکی تایبەت لە حوکمڕانی کە پشت بە ڵانسی هێز و ئیرادەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان و دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان و گۆڕانکاری لە با دەرکەوتنی هێزی تر نابەستێت. لەو فۆڕمەدا بێجگە لە دوو پارتی باڵادەست، کە یەکێتی و پارتین، هیچ لایەنێکی تر ناتوانێت حکوومەت پێك بهێنێت. واتا یەکێتی دەتوانێت پڕۆسەی سیاسی و ئابووریش (لە ڕێگەی کۆنترۆڵی بەشێک لە سەرچاوەکانی داهات) پەک بخات، چونکە دامەزراوە حکوومییەکانی هەرێمی

کوردستان لەژێر کاریگەریی پێگەی هێزی سیاسی و سەربازیی پارتی و یەکێتیدان، نەک حکوومەت. ئەمە بۆ پارتییش ڕاستە. باشترین میکانیزم ڕێککەوتنێکی تری هاوشێوەی "ڕێککەوتنی ستراتیژی"یە لەگەڵ یەکێتی؛ پێویستە ڕێککەوتنێکی تر لەسەر بەشداریکردن لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان (بە لای کەمی بۆ دوو خولی تر- ٨ ساڵ) هاوشانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکرێت و کۆتایی بەو قۆناغەی ململانێی ئەم دوو لایەنە بهێنرێت. تێچووی ئەم هاوپەیمانییە هەرچییەک بێت، باشترە لە لێکەوتە و دەرەنجامەکانی لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغداش.

**پێنجەم، لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی**، هەرێمی کوردستان نابێت ئەوە لەبیر بکات کە بەبێ پاڵپشتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەستەمە بتوانێت بۆ چەندساڵێکی تر بمێنێتەوە. بۆیە کارکردن و ڕەزامەندی و پشتگیریی ئەمریکا، وەک خوێن وایە بۆ مانەوەی حکوومەتی هەرێم. ئەو بنەمایەی ئێمەیش دەبەستێتەوە بە ئەمریکا، زیاتر پرسی ڕەچاوکردنی دیموکراسی و کارکردنی سەربازییە لەگەڵ ئەمریکا لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگە و دروستکردنی هێزێکی پرۆفیشناڵ بۆ ئەوەی بتوانێت لە کاتی پێویستدا هاوکاریی ئەمریکا بکات. ئەمریکییەکان لە خۆشبەختیی ئێمە، نایانەوێت شیعەکان بەتەنیا عێراق بەڕێوە ببەن؛ ئەوان هەمیشە ترسیان لە پەراوێزخستنی تەواوی سوننە و کورد هەیە.

لە ئاستی ناوچەییشدا کارکردن لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، فرە گرنگە، بەتایبەت لە ڕووی ئابووری و وەبەرهێنانەوە، بەتایبەت سعوودیا و ئیمارات؛ کە ئەوانیش وەک ئەمریکییەکان دەیانەوێت ئەو هاوسەنگییە لە نێوان کورد و سوننەدا بپارێزن و، کورد نزیکتر دەبینن لە خۆیان. کارکردن لەگەڵ تورکیا دیسان لە ڕووی سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەوە زۆر گرنگە، چونکە تورکیا دەروازە و هەناسەی ئابووریی هەرێمی کوردستانە و ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت. لەم سۆنگەیەوە هەرێمی کوردستان دەبێت هەموو هەوڵێک بدات کە هێڵەکانی فرۆشتنی نەوت و کەناڵی وشکانی و بازرگانی (ڕێگەی پەرەپێدان)، کە عێراق بە تورکیا و سووریادا دەبەستێتەوە، بەناو خاکی هەرێمدا بڕۆن؛ بەپێچەوانەوە واتا پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان. لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان دەبێت تا ئاستی دروستکردنی کێشە بۆ فرۆشتنی نەوت و پرۆژەکانی پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان بڕوات، ئینجا چ بەتەنیا بیکات یان لە ڕێگەی پاڵپشتیی سوننەکان و نانەوەی ئاژاوەی سیستەماتیک بۆ ڕێگرتن لە بەردەم هەر پرۆژەیەک کە ئامانجی، دژایەتیی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان بێت.

**شەشەم، کۆتا بژاردە، دروستکردنی پشێوی و سەرئێشە بۆ حوکمڕانیی شیعەکان!** بەتایبەت لە ناوچە کێشەلەسەرەکان. هەروەها یاریکردن لەگەڵ سوننەکان تا ئاستی بەکارهێنانی کارتی بەعسییەکان! کورد، هەرچەندە مێژوویەکی تاڵی لەگەڵ بەعسییەکاندا هەیە، بەڵام لە سیاسەتدا شتێک نییە بە ناوی دوژمن یان دۆستایەتیی تاسەر. بەغدا بەنیازە سەرچاوە داراییەکانی هەرێمی کوردستان وشک بکات؛ نە ڕێگە دەدات هەرێم نەوت بفرۆشێت، نە گەرەنتییەکیش هەیە بۆ ناردنی بوودجە. لە لایەکی تر، دەیەوێت هێواش هێواش هەرێم بچێتەوە قاڵبی پارێزگاکانی تری عێراق و وەک کەرکووکی لێ بێت، کە مافی گوتنی سروودی نیشتمانی و هەڵدانی ئاڵای خۆیشی نەبێت! لەم سۆنگەیە، دوور نییە دواجار هەرێمی کوردستان بیر لە کارتی دۆستایەتی- هەتا ئەگەر وەک پەرچەکرداریش بێت- لەگەڵ کۆنە بەعسییەکان بکاتەوە. بەدڵنیاییەوە بەعسییەکانی ئێستا وەک هەمان بەعسیی سەردەمی سەددام ڕەفتار ناکەن، کە دەوڵەت و حزب و حکوومەت هی خۆیان بوو؛ ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری ئەو سەرکردە بەعسییانە تا ئێستا لە ناوچەکەدا هەن و چالاکیشیان هەیە، بەڵام تا ئێستا هەرێمی کوردستان بیری لەم کارتە نەکردووەتەوە.

هەرێم دەبێت جار جار بیر لە دروستکردنی پشێوی و سەرئێشە بۆ هێزە شیعییەکان لە ناوچە کێشەلەسەرەکان بکاتەوە؛ بیرکردنەوە لە دروستکردنی هێزێکی چەکداری هاوشێوەی حەشد لەو ناوچانە لەوانەیە بیرۆکەیەکی خراپ نەبێت وەک دوا بژاردە، چونکە هەرێمی کوردستان ناکرێت هیچ بەرسڤ و پەرچەکردارێکی بۆ ئەم گوشارانەی بەغدا نەبێت، چونکە بەغدا ئەمە وەک خۆبەدەستەوەدان دەبینێت.

**نائومێدبوونی کورد و سوننە، مەترسییە بۆ سەر دەسەڵاتی شیعەکان**

ئەم گوشارانەی بەغدا، وایان لە هەرێمی کوردستان کردووە بە دوای پاڵپشتیی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بگەڕێت نەک هەوڵی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا بدات. نوخبەی باڵادەست و دووربینی شیعە، دەبێت ستراتیژییانەتر بیر بکەنەوە، چونکە عێراقی شیعی بەبێ پاڵپشتیی کورد و سوننە، عێراقێکی لاواز دەبێت و هەمیشە هەوڵی ڕووخانی دەدرێت. چرکەساتی هاتنی داعش لە 2014 لە ڕاستیدا سەردەمی پشتکردنی هەر یەکە لە کورد و سوننە بوو لە حکوومەتەکەی نووری مالیکی. لە سەرەتای 2003 تاوەکوو 2010 عێراق زۆر بەهێز بوو، چونکە هاوپەیمانییەتی لە نێوان کورد و شیعەدا هەبوو لە حوکمڕانی. نوخبەی سیاسیی شیعە، دەبێت بزانن کە لە عێراقدا هاوپەیمانییەتی لەگەڵ کورد ئاسانتر و کەمتێچووترە، چونکە کورد وەک پێکهاتەکانی دیکە نین (بۆ نموونە عەرەبی سوننە و تورکمان) کە دەوڵەتی خۆیان لە ناوچەکەدا هەبێت و پاڵپشتییان بکات. دەسەڵاتی زۆرینە شیعە لە عێراقدا ئەگەر وا بەردەوام بن، کورد ناچار دەبێت پشت بە ئەمریکا و ئەورووپا ببەستێت و هاوپەیمانی تورکیا و وڵاتانی کەنداو بێت، نەک عێراق. ئەم مەترسییەی کورد لە ڕاستیدا دەمێکە دەستیشی پێ کردووە. ئێستا نوخبەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی متمانە بە تورکیا و وڵاتانی کەنداو دەکەن، ئەوەندە متمانە بە شەریکە کۆنەکانی عێراقی دوای 2003 ناکەن؛ سەردانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و قەبارەی بازرگانی و پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەم وڵاتانە، گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن.

**ئەنجام**

ئەو سیاسەتەی ئێستای عێراق هەمبەر هەرێمی کوردستان، بەرهەمی ئەو ڕوانگەیەی نوخبەی سیاسیی عێراقە کە لە دوای شازدەی ئۆکتۆبەر لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان دروست بووە، ئەویش ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دەکرێت لاواز بکرێت تا ئاستی بچووککردنەوەی بۆ قاڵبی پارێزگاکان. بۆ ئەم مەبەستە ڕوانگەیەک دروست بووە کە زیاتر ڕوانگەی شیعەکانە بەرامبەر هەرێمی کوردستان، کە پشت بە دەورەدانی هەرێمی کوردستان لە ئاستی سیاسی و ئابووری دەبەستێت. ئەم ڕوانگەیە زیاتر پشتئەستوورە بە زۆرینەی پەرلەمانی کە شیعەکانن؛ واتا گەر حکوومەتی فیدراڵیش ڕێککەوتنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، دواجار ئەو ڕێککەوتنە بەر ڤیتۆی زۆرینە شیعە دەکەوێت لە پەرلەمان. بۆ ئەم مەبەستە هەرێمی کوردستان دەبێت لە چەندان ئاستی جیاوازی ناوخۆیی، عێراق و هەرێمی و نێودەوڵەتی، کار بکات بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆیانەی سەر هەرێمی کوردستان. سەرەتای ئەو هەنگاوەیش بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتی دەست پێ دەکات لە ڕێگەی بوونی پەیماننامە یان ڕێککەوتنێکی تری هاوشێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی پێشووی نێوان هەردوو لا بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە سەختە، دواتریش ئەو هەنگاوانەی (ئاستانەی) کە لە بابەتەکەدا بەوردی ئاماژەم پێ دان. بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پووکانەوە دەڕوات تا ئاستی دەسەڵاتی پارێزگاکانی تری عێراق و، ئەو فیدراڵییە دەستوورییەی کە هەیشە، تەنیا لە ڕواڵەتدا دەمێنێتەوە؛ هاوشێوەی ئەو دۆخەی ئێستا لە کەرکووک هەیە.